پارێزگاری هەولێر پێشوازی لە سەرۆکی ئەنکخراوی مافی مرۆڤ لە هەرێمی نیدێر زاکسنی ئەڵمانیا کرد

پارێزگاری هەولێر، پێشوازی لە سەرۆکی ئەنکخراوی مافی مرۆڤ لە هەرێمی نیدێر زاکسنی ئەڵمانیا کرد.

ڕۆژی سێشەمە، ئومێد خۆشناو پارێزگاری هەولێر، لە دیوانی پارێزگا، پێشوازی لە د.پاول بڕگانگا، سەرۆکی ئەنکخراوی مافی مرۆڤ لە هەرێمی نیدێر زاکسنی ئەڵمانیا کرد.

لە دیدارەکەدا بەپێی ڕاگەیاندراوی پارێزگای هەولێر، ناوبراو ئاماژەی بەکار و بەرنامەکانیاندا لە ئەنجامدانی کەمەکێک پرۆژە و کاری هابەش لەنێوان سەنکخراوی ئیتاڵی - ئەڵمانی لەگەڵ پارێزگای هەولێر لە پێناو خزمەتکردنی زیاتری شاری هەولێر، هەروەها تیشکی خستەسەر بەرەو پێشبردن و پەرەپێدانی پێیوەندییە کولتووریەکان لە ڕێگەی تێگەیشتننامەی دەستایەتی نێوان هەردوو شاری هەولێر و شاری ریمینی ئیتاڵیا.

لە بەرامبەردا پارێزگاری هەولێر، وێڕای بەخێرهێنانی، هەوڵ و کارەکانی بەرز نرخاند و دەستخۆشی لە هاوهەنگی لەگەڵ پارێزگای هەولێر کرد و هیوای سەرکەوتنی بە خواست، خۆشحاڵی خۆشی بە تێگەیشتننامەی دەستایەتی نێوان هەردوو شاری هەولێر و شاری ریمینی ئیتاڵیا نیشاندا و بە ئومێدەستەش هەموو پاڵپشتی و هاوکاری و هەماهەنگییەکی پارێزگا و تیمی پارێزگای هەولێری دووپاتکردەوە.